# ئێران و هەرێمی کوردستان: پەیوەندی دۆستانە یان بوون بە هێزێکی پرۆکسی؟

04-03-2024

**نووسەرەکان**

د. نەوزاد هێتۆتی

**کورتە :** لە دوای 2003، ئێران سیاسەتێکی جێگیری لە عێراقدا پراکتیزە کردووە کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی لە کۆمەڵێك خاڵدا دەبێنێتەوە، لەوانە دڵنیا بوون لەوەی کە پێکهاتەی شیعە و بەتایبەت ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن دەسەڵاتدار بن و رۆڵی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بگێرن. لێرەدا، ئێران کۆمەڵێك هاوپەیمان و هێزی سیاسی و سەربازی پرۆکسی لە عێراق هەیە و بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی عێراق وەك دەوڵەت لە چوارچێوەی سیاسەت و ئەجێنداکانی دەرنەچێت.

## سیاسەتی ئێران لە عێراق

لە دوای 2003، ئێران سیاسەتێکی جێگیری لە عێراقدا پراکتیزە کردووە کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی لە کۆمەڵێك خاڵدا دەبێنێتەوە، لەوانە دڵنیا بوون لەوەی کە پێکهاتەی شیعە و بەتایبەت ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن دەسەڵاتدار بن و رۆڵی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بگێرن. لێرەدا، ئێران کۆمەڵێك هاوپەیمان و هێزی سیاسی و سەربازی پرۆکسی لە عێراق هەیە و بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی عێراق وەك دەوڵەت لە چوارچێوەی سیاسەت و ئەجێنداکانی دەرنەچێت. بەتایبەت ئێران کۆمەڵێك بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی، ئابووری، سەربازی و جیۆپۆڵەتیکی لە عێراق هەیە و هەوڵ دەدات لە رێگەی ئامڕازی فرە جۆرەوە دەستەبەریان بکات. لە رووی ئابوورییەوە پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا هەیە و ئاستی هەناردەکردنی شتومەکی نانەوتی ئێرانی بۆ عێراق لە ساڵی 2022 گەیشتووەتە سەروی 11 ملیار دۆلار، هەروەها عێراق لە ریزبەندی یەکەم و دووەمی گرنگترین ئەو دەوڵەتانە دێت کە ئێران پەیوەندی بازرگانی لەگەڵدا هەیە.

لە رووی سیاسییەوە ئێران پاڵپشتی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەکان دەکات کە بە پاڵپشتی راستەوخۆی ئێران گەیشتوونەتە دەسەڵات و تاران کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر هەموو ئاراستە و سیاسەتەکانی ئەم هێزانە و حکومەتەکەی سوودانی هەیە. هەروەها، لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، بەهۆی توندبوونی ململانێی ئەمریکا و ئێران، دواتریش دەستپێکردنی شەڕی تایفی و هاتنی داعش بۆ عێراق، ئێران بەسود وەرگرتن لە بارودۆخەکە، ژمارەیەکی زۆر لە هێزی چەکداری پرۆکسی دروست کردووە کە راستەوخۆ فەرمان لە تاران وەردەگرن و بە شێوەیەك بەکاریان دەهێنێت بۆ کاریگەری دانان لە سەر هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان و بەکارهێنانیان لە دژی نەیارەکانی لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بێگومان ئەم هێزە پرۆکسیانە بە پلەی یەکەم بەرنامە و ئەجینداکانی ئێران جێبەجێ دەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە، عێراق لە رووی جیۆپۆڵیتیکی گرنگی یەکجار زۆری بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە. دەسەڵاتدارانی ئێران، عێراق بە قوڵایی ستراتیژی خۆیان دەزانن بۆ سیاسەتە فراوانخوازییەکانی لە ناوچەکەدا و دروست کردنی ئەوەی پێیدەگوترێت هیلالی شیعی. هەروەها، ئێستا عێراق وەك کۆریدۆرێکی وشکانی بەکاردەهێنرێت لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەوەی چەك و تەقەمەنی و هێزی چەکدار رەوانەی سوریا و لوبنان بکات و گوشار لەسەر ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی دروست بکات.

ئێران بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نییە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی و خاوەن سەروەری یاخود هێزێکی سەربازی تۆکمەی هەبێت، چونکە لەڕوانگەی ئێرانەوە هەبوونی دەوڵەتێکی دیموکراسی بەهێز دەبێتە گەورەترین هەڕەشە لە سەر سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی لە عێراق. لەلایەکی دیکەشەوە، ئێران پێیوایە ئەگەر عێراق هێزێکی نیشتیمانی تۆکمەی هەبێت، لە دوارۆژدا دەبێتە رێگر لە دەستێوەردانەکانی لەو وڵاتە. لەبەر ئەمەش، ئێران هەوڵەکانی زیاتر بەو ئاراستەیەیە کە حەشدی شەعبی کە پێکهاتەکەی زۆرتر شیعەیە، بکاتە بەدیلی سوپای عێراق. هەروەها ئێران بەردەوام هەوڵ دەدات قەیران و ناکۆکی تائیفی و شیعگەرایی لە عێراقدا بەسەر رەوتی دەوڵەتسازی و ناسیۆنالیستی عەرەبیدا زاڵ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەکەی بەهێز بکات و هەژموونی شیعە بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بهێڵێتەوە.

دەکرێت ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کەهەوڵەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان بەتایبەت هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا یەکێکی دیکەیە لە خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتەکانی لە عێراقدا. لە روانگەی ئەوەی کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کێشە بۆ سیاسەتەکانی ئێران دروست دەکات و بەربەستە لە بەردەم بەرنامە و ئەجێنداکانی. لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی غەززە و گرژبوونەوەی زیاتری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران، گوشارەکان لە رووی سیاسی و سەربازییەوە لەسەر ئەمریکا توندتر بوونە بۆ ئەوەی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە. لەم رووەوە، هێزە شیعەکان بە حکومەتیشەوە لە ژێر کاریگەری و هاندانەکانی ئێراندا، هەوڵی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەدەن و جەخت لە سەر ئەو خاڵە دەکەنەوە کە "چیتر پێویستییان بە هێزی هاوپەیمانان نەماوە" و دەبێت لە عێراق بکشێنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە هێشتا باردۆخی عێراق سەقامگیر نییە و لە رووی سەربازییەوە ناتوانێت سەروەری خۆی بپارێزێت و مەترسی راستەقینە هەیە کە بە دەرچوونی ئەمریکا دووبارە داعش سەرهەڵبداتەوە، تەنانەت ئەگەری دووبارە رووداني شەڕی تایفی و نەتەوەیش لە عێراقدا هەیە.

## ئێران چی لە هەرێمی کوردستان دەوێت؟

پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بە چەندین قۆناخی گرنگ و هەستیاردا تێپەڕیوە. لەڕاستیدا سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەشێکە لە سیاسەت و بەرنامەکەی بەرامبەر عێراق و ناوچەکە. لەم چوارچێوەیەدا، لە هەندێك قۆناخدا

پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدا بوون، بەتایبەت لە سەرەتای گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا، ئەو کاتە هێزە شیعەکانی هاوپەیمانی ئێران زۆر پێویستییان بە کورد هەبوو، ئێرانیش لەڕێگەی کوردەوە هەوڵیدەدا پێگەی شیعەکان لە عێراقدا بەهێز بکات. بەڵام، لەگەڵ بەهێز بوونی پێگەی شیعەکان لە بەغدا و دروست بوونی ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر، پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستانیش بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر ڕۆیشت، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران توانی لەڕێگەی هێزە هاوپەیمانەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ بکات. لە دیارترین بەریەککەوتنی ئێران و هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسی لە ئۆکتۆبەری 2017 بوو کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سوپای قودس، میلیشیا شیعەکان هێرشیان کردە سەر کورد و دەستیان بە سەر ناوچە جێناکۆکەکاندا گرت و تەنانەت ئەگەر لە توانایاندا بوایە مەبەستیان بوو قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێننەوە.

لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپ و زیاد بوونی ناکۆکی وململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، هەرێمی کوردستان زیاتر کەوتە ژێر هەڕەشە و هێرشەکانی میلیشیا شیعەکان و ئێران، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام بە موشەك و درۆن پەلاماری کوردستان دەدرێت. بۆ یەکەم جار لە 8 کانوونی دووەمی 2020 ئێران بە موشەکی بالیستی ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستانی(بنکەی سەربازی هەریری) بە ئامانج گرت، ئەم کردەوە سەربازییەی ئێران لە دەرئەنجامی کوشتنی قاسم سولەیمانی بوو وەکو کاردانەوەیەک دژی ئەمریکا لە عێراق. لە 13 ئاداری 2022 بۆ جارێکی دیکە ئێران بە 12 موشەکی بالیستی ماڵی شێخ باز سەرمایەدار و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کار گروپی کردە ئامانج. دیسان،لە 30 دیسەمبەری 2023، میلیشیا شیعەکان بە درۆن هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی هێزی پێشمەرگە لە پیرمام، و هەروەها لە 15 کانوونی دووەمی 2024، بە 11 موشەکی بالیستی هەولێر و ماڵی سەرمایەداری کورد پێشرەو دزەییان کردە ئامانج. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئێران و گرووپە پرۆکسییەکانی بە دەیان جار بنکەکانی پارتە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات و بنکەی سەربازی هەریر و فڕۆکەخانەی هەولێریان بە بیانوی لێدان لە هێزەکانی ئەمریکا بە موشەك و درۆن بە ئامانج گرتووە.

لەڕاستیدا، زیاد بوون و توندبوونەوەی هێرشی درۆنی میلیشیا شیعەکان و هەروەها هێرشە ڕاستەوخۆکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان زۆر هۆکار و فاکتەری لە پشتەوەیە کە گرنگترینەکانیان ئەمانەن:

**یەکەم،** ئێران، هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بە یەکێك لە مەترسییەکان دەبینێت لە سەر بەرنامەو ئەجێنداکانی لە عێراقدا، کە لە ئێستادا ئێران تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی هەژمونی خۆی بە سەر لایەنە شیعەکاندا بسەپێنێت. بەتایبەت دوای دەرپەڕاندنی سەدر لە پرۆسەی سیاسی، تەنانەت ئێران تاڕادەیەك توانیویەتی لە ڕێگەی هێزە چەکدارە پرۆکسییەکانی دەست بە سەر ناوچە سوننەنشینەکانیشدا بگرێت. تاکە ناوچە کە بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا نییە هەرێمی کوردستانە و بەتایبەتیش ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، بۆیە ئێران بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەو ناوچەیەشدا بسەپێنێت. ئەویش هەم لەڕێگەی لاواز کردنی پارتی و هەم دروست کردنی بەدیلێك لە هەرێمی کوردستان کە سەربە تاران بێت. لەم ڕووەوە، ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە هێزێکی پرۆکسی لە رووی سیاسی و سەربازییەوە هاوشێوەی هێزە شیعەکانی لە کوردستان هەبێت بۆ ئەوەی بەرنامە و ئەجێنداکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا پراکتیزە بکات.

لە ڕاستیدا، ئێران بەوە رازی نییە هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوچەکە سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە پراکتیزە بکات و تاران نایەوێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. ئەگینا لە زۆر ڕووەوە، هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانەکانی پراکتیزە بکات، بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2021 وێڕای ئەوەی هاوپەیمانەکانی ئێران توشی شکستی گەورە بوون، بەڵام کورد و سوننەکان لەگەڵ هێزە شیعەکانی سەر بە ئێران هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتیان پێکهێنا و حکومەتی سوودانیش کە ئێستا هاوپەیمانەکانی ئێران بەسەریدا زاڵن لەسەر بنەمای ئەو هاوپەیمانەتییە دروست بووە. هەروەها، لەسەر داواکاری بەرپرسانی ئێران، هەرێمی کوردستان و بەغدا رێککەوتنێکی ئەمنییان لەگەڵ تاران واژۆ کرد بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی ئاسایشی سنوور و چەککردن و دوورخستنەوەی گرووپە چەکدارە کوردییەکان ئۆپۆزسیونی ئێران لە دەڤەرە سنوورییەکان. بە هەمان ئاراستەش، لەرووی ئابوورییەوە، هەرێمی کوردستان دەرگاکانی بەسەر ئێراندا واڵا کردووە و بە سەدان کۆمپانیای ئێرانی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و دەگاتە نزیکەی 28% لە کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئێران و عێراق.

بەڵام، وێڕای هەموو ئەمانە، ئێران بەردەوامە لە دژایەتی کردن و گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانییەوە بێت، بێگومان ئەمەش ئەو خاڵە دەسەلمێنێت کە ئێران ئاستی داواکاری و خواستەکانی زیاترە لەوەی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. بەڵکو ئەوەی تاران مەبەستیەتی ئەوەیە کە دەیەوێت هەرێمی کوردستان بکاتە هێزێکی پرۆکسی لە ناوچەکەدا، هاوشێوەی ئەو هێزانەی کە لە عێراق ،سوریا، یەمەن و لوبنان دروستی کردوون. هۆشیار زێباری لە 19 شوباتی 2024 لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەل ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت باسی ئەوە دەکات کە سەرکردەکانی ئێران داوایان لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کردووە ببنە بەشێك لە بەرەی موقاوەمە دژی ئەمریکا و

هاوپەیمانەکانی. تەنانەت ئەوەی جێگەی سەرنجە بەم دواییانە سەرچاوەکانی سوپای قودس بە ئاشکرا رایانگەیاند کە بە تەمای دروستکردنی هێزێکی پرۆکسی سەربازی کوردین بەناوی حزبوڵلا لە کوردستان. بێگومان ئەگەر ئەم هەوڵە بخرێتە بواری جێبەجێکردن، ئێران لە ژێر ناوی ئەم هێزە نوێیەدا هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و پێگەکانی ئەمریکا، نەك بەناوی میلیشیا شیعەکان.

**دووەم،** ئێران بەردەوام ترسی لەوە هەیە هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێك بۆ تێکچوون یان لێدان لە بەرنامە و سیاسەتەکانی لە عێراقدا، ترسی لە  دروستبوونی هاوپەیمانی پارتی لەگەڵ هێزە سوننەکان و هێزە شیعەکاندا هەیە بەتایبەت ئەوانەی لە ئێران دوورن. لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 2021 و دروست کردنی هاوپەیمانی سێقۆڵی نێوان پارتی، سەدر و سوننەکان، ئێران بە تەواوەتی گوشارەکانی لەسەر پارتی توند کردووە و ئەم هەنگاوەی پارتی بە لێدانی راستەوخۆ لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی لێکداوەتەوە. بۆ رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هاوپەیمانییەکی هاوشێوە، سیاسەت و بەرنامەی ئێران ئەوەیە هەم لە ناو سوننەکان و هەم لە ناو کوردەکاندا زیاتر پاڵپشتی هاوپەیمانەکانی بکات و لە پێگەی نەیارەکانی بدات. ئێستا لەناو سوونەکان ئێران زۆر بە چڕی کار بۆ لێدان لە پێگەی حەلبوسی و پارتەکەی دەکات. لادانی حەلبوسیش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشێك بوو لەم گەمە سیاسییە. بەهەمان شێوەش، لە هەرێمی کوردستان، ئێران زۆر بە چڕی کاردەکات تاکو  ئەو هێزە کوردییانەی کە لە ئێران نزیکن ببنە دەسەڵاتدار.

**سێیەم،** ئێران نەك هەر لەگەڵ ئەوە نییە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەك سەربەخۆ بێت یان سیاسەتێکی هاوسەنگ لە سەر ئاستی ناوچەکە پراکتیزە بکات، بەڵکو دەیەوێت هەرێمی کوردستان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا، دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئەمریکا دوور بخاتەوە، بەو واتایەی ئێران لەو پەیوەندییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی و ئەمریکا هەیەتی زۆر نیگەرانەو دەیەوێت عێراق و لە نێویشیدا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئێراندا هەڵسوکەوت بکات. ئێران توانیویەتی لەسەر ئاستی عێراق ئەم ئامانجە بپێکێت، لە ژێر کاریگەری ئێراندا، عێراق تائێستا نەیتوانیوە سیاسەتێکی هاوسەنگ لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی پراکتیزە بکات و پەیوەندییەکانی بەرەوە پێشەوە ببات.

 ئەگەرچی ئەمریکا زۆر هەوڵیداوە کە عێراق لە رووی ئابووری و سیاسییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی بەهێز بکات. بەڵام لە ژێر کاریگەری و گوشارەکانی ئێراندا، عێراق هیچ هەنگاوێکی گرنگی بەو ئاراستەیە نەهاویشتووە.  ئێران هەمان داواکاری لەب هەرێمی کوردستانیش هەیە و دەیەوێت هەرێمی کوردستان خۆی لە دەوڵەتانی عەرەبی و تورکیا دوور بخاتەوە و هەروەها نیگەرانە لەوەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ ئەمریکا هەیە و ناچێتە  ژێر باری داواکارییەکانی ئێران و هێزە شیعەکان  بۆ دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق. ئەمە بەدەر لەوەی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە هەرێمی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و هەر بەو بیانووەش چەندین جار موشەك بارانی کردووە.

**چوارەم،** لێدان لە پێگەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش سێکتەری نەوت و گاز هۆکارێکی دیکەی گوشارەکانی ئێرانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئێران نەك هەر لەگەڵ ئەوەدا نییە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەقامگیر و بەهێز بێت، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات لە پێگەی هەرێمی کوردستان بدات بەتایبەت لە رووی ئابوورییەوە ، ئێران نیگەرانە لە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی  ببێتە ئەکتەرێکی گرنگ لە سەر ئاستی ناوچەکە بە تایبەت لە رووی وزەوە. بەتایبەت کە ماوەیەکە هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕ کردوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی و پەرە بە کەرتی وزە بە تایبەتیش گاز بدات،  بۆ ئەوەی بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا  گاز هەناردەی دەرەوە بکات، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ هەرێمی کوردستان. لەم رووەوە، هێرشەکانی ئێران بۆ لێدان لە ماڵی سەرمایەداری کورد شێخ باز یەکێك لە پەیامەکانی ئەوە بوو کە ئێران رێگە نادات هەرێمی کوردستان ببێتە ئالتەرناتیڤی گازە سروشتییەکەی لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە. بە هەمان ئاراستەش ئێران کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر بڕیاری  دادگەی فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم،** ئێران لەڕێگەی گوشار دروستکردن، هەوڵ دەدات هەرێم لە پرس و مەلەفی هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زیاتر سازش بۆ ئێران بکات  هەم بە چەککردنیان و هەم  دوورخستنەوەیان لە  سنورەکان یان لە هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی هێزەکانی موجاهیدین لە عێراق کە لە ساڵی 2016  وەدەرنران. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێران لە لە مانگی ئاداری 2023 رێککەوتنێکی ئەمنی سێقۆڵی لەگەڵ هەولێر و بەغدا واژوو کرد  بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و دوورخستنەوەی هێزە کوردییەکان لە سنوورەکان، بەڵام دیارە ئێران لەوەش زیاتر داوای رادەستکردنی سەرکردەکانیان و دەرکردنیان بە تەواوەتی لە کوردستان دەکات. هەروەها خاڵێکی دیکەش کە بۆ ئێران زۆر گرنگە ئەوەیە هەرێمی کوردستان نەبێتە ناوەندێك بۆ وروژاندنی  کوردەکانی ئێران بۆ  ئەوەی داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەتایبەت، دوای کوشتنی ژینا ئەمینی، و بەرێوەچوونی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە ئێران و لە ناوچە کوردییەکان،  ئێران هەرێمی کوردستان و گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی تۆمەتبار کرد بەوەی دەستیان  لە  خۆپیشاندانەکان هەیە هەر بەو بیانووەش بەموشەك بارەگاکانی کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆردوومان کرد.

# ئامرازەکانی بەردەستی ئێران بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان

ئێران رێگای جۆراوجۆر دەگرێتەبەر بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. یەکێك لە ئامرازەکان بریتییە لە وەشاندنی گورزی سەربازی بە شێوەیێکی راستەوخۆ لەرێگەی سوپای پاسدارانەوە. هەرچەندە ئێران ئەم ئامرازە کەم بەکار دەهێنێت، بەڵام لە هەندێك کاتدا ئەگەر بەپێویستی زانیبێت، دوودڵ نەبووە لە هێرشی سەربازی بۆ ئەوەی پەیامێك بداتە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یان هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا. ئێران زیاتر لە 3 جار بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەولێری بە ئامانج گرتووە. هەرچەندە هێرشەکان زیاتر رەمزی بوونە، بەڵام هەڵگری پەیامێکی هەڕەشە ئامێزن بەوەی ئێران هەموو کاتێك دەتوانێت ئەگەر مەبەستی بێت لە هەرێمی کوردستان بدات، ئەوەشی زیاتر رێگە خۆشکەرە ئەوەیە بەغدا کاردانەوەیەکی کاریگەری نییە بەرامبەر هێرشەکانی ئێران و تەنانەت سەرەڕای گوشارەکانی هەرێمی کوردستان، بەغدا ئامادە نەبووە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە ئەنجوومەنی ئاسایش سکاڵا لە دژی ئێران تۆمار بکات.

حکومەتی بەغدا کە شیعە و هاوپەیمانەکانی بە سەریدا زاڵن، یەکێکی دیکە لەو ئامرازانەیە کە ئێران دژی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنێت. دیارە، ئێران کاریگەری راستەوخۆی لە سەر بەغدا هەیە و دۆسیە گرنگەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان، ئێران بڕیاری یەکلاییکەرەوەی لەسەر دەدات. هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئێران رۆڵێکی زۆر خراپی هەبووە لە گرژبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و چارەسەر نەبوونی کێشەکانی نێوانیان. لە سەردەمی حکومەتی سوودانی رێککەوتنی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا کران، بەڵام لە ژێر گوشاری هاوپەیمانەکانی ئێراندا، هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی نە هاوێژرا، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لەوانەش پرسی بودجە، دووبارە هەنارده کردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، پەسەند کردنی یاسای نەوت و گاز، جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی شنگال و زۆر پرسی دیکە.

پەرلەمانی عێراق یەکێکی دیکەیە لە ئامرازە کاریگەرەکان، ئێستا هاوپەیمانەکانی ئێران لە پەرلەمانیش باڵادەستن، بۆیە وەک چەکێکی کاریگەر بەکار دێت بۆ دژایەتی کردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. بەتایبەت لەکاتی پەسەند کردنی بودجەی سێ ساڵەی عێراقدا، زۆربەی بەندەکانی بودجە کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی سوودانی رێککەوتنی لەسەر کرابوو، گۆڕانکارییان تێدا کرا و کێشەی زۆر بۆ ناردنی بودجەی هەرێمی کوردستان دروستکرا. تەنانەت ئێستا هاوپەیمانەکانی ئێران باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر هەرێم بەئاشکرا پاڵپشتییان نەکات لە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، رێگە نادەن هەمواری بودجە بکرێت بۆ ئەوەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بنێردرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە،دادگەی دەستووری بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە بەکار هاتووە بۆ لێدان لەنەیارەکانی ئێران لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، بووەتە ئامرازێك بۆ دژایەتی کردنی هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە لەگەڵ سیاسەت و بەرنامەکانی ئێران نین. ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، دادگەی دەستووری لە مانگی شوباتی 2022 لە بڕیارێکی بەپەلەدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە. هەروەها، لە بڕیاریکی دیکەدا لە 25 کانوونی دووەمی 2023 ناردنی پارە بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن سوودانیەوە بە نایاسایی لە قەڵەمدا، دیسان دادگەی فیدرڵی لە نیسانی 2023 پەلەمانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە . بە هەمان ئاراستەش، لە 21 شوباتی 2024 دادگەی فیدراڵی دوو بڕیاری توندی دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد، یەکێکیان پەیوەندی بە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمەو هەیە و بڕیاری دووەمیش پەیوەست بووە بە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان. لەڕاستیدا لە هەر دوو بڕیارەکەدا لە زۆر خاڵدا لە پێگە و دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستانی دراوە .

لە کوتاییدا دەبێت ئاماژە بەو خالەش بکەین کە گرووپە میلیشیاکان یەکێکی دیکەن لەو ئامرازانەی کە رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە گوشار دروست کردن لە سەر نەیارەکانی ئێران لەوانەش هەرێمی کوردستان. بەتایبەت دوای دەستپێکردنەوەی شەری غەززە و زیاد بوونی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، گروپە چەکدارەکان بەردەوام هەرێمی کوردستانیان لەڕێگەی درۆن و موشەکەوە بۆردومان کردووە. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئێران تەنانەت هەندێك هێز و لایەنی کوردیش بەکار دەهێنێت بۆ سەپاندنی سیاسەت و هەژموونی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستان.